# پێنج دەركەوت لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا ؟!

**ئاسۆ عەبدوللەتیف**

**دەركەوتی یەكەم:**

هەڵبژاردنەكانی عیراق نزیك بۆتەوەو قسەو باس و میدیاكانیش گەرم بوون بە كۆمەڵێك ئاراستەی جیاوازەوە لە كاتێكدا دەنگی زۆرێك لە كیانەكانی هەڵبژاردنی پێشوو پەرتییان تێكەوت بە كوردیشەوە و ئاڵۆزی كەوتە نێوان دیبلۆماسیەتی قسەكردنەكان و فەزای دەركەوتەكانی هەڵبژاردن و دیموكراسیەتیشی بەتەواوی گۆری، لە راستیدا دەبێت بزانین كە بۆ خۆی شتێك بە ناوی چەمكی (گۆران) واتە خودی گۆرانكاری لە عیراقدا دەبێت بگۆردرێت و مەحكومە بە گۆرانكاری بەتایبەتی 80 ساڵە لە عیراقدا گۆران روو دەدات بیّ ئەوەی هیچ شتێكیش گۆرابێت و ریفۆرمێك ئەنجامدرابێت!! كەواتە دەبێت باوەر بەوە بهێنین كە گۆران بێتە ناو ژیانی تایبەتیمانەوەو وەكو پرۆسەیەكی دیموكراسی تەماشای بكەین و ناوچەكەشمان ئەم سالآنەی دوایی و پاش 11 سێبتەمبەر گۆرانكاری جەوهەری بەخۆوە دی لە گۆرینی بزوتنەوە ئوسولّیەكان و تەمبێكردنی دەولّەتە شمولیەكانی وەكو ئەفغانستان و عیراق و لیبیاوە تا ریفۆرم لە بیركردنەوەی دەولّەتی كەمالیزم لە توركیا بەرانبەر بە كوردودۆزەكەی و گۆران لە سوریا بەهەمان شێوە بەتایبەتی پاش پێشكەشكردنی راپۆرتەكەی میلیس بۆ تاوانباركردنی سوریا بە تۆمەتی تیرۆركردنی رەفیق حەریری، هەروەها كۆماری ئیسلامی ئێران و پرسی كورە ئەتۆمیەكان و مەحكومكردنیان بە گۆرانكاری.

بوونی نزیكەی 230 لیست لە كەسایەتی و گروپ و حیزبی ئایدۆلۆژی و سیاسی و ئاینی و كۆمەلآیەتی لەگەلّ 21 پێكهاتەی ئالّۆز لە بیركردنەوەی مەزهەبی و چەپ و راستەوی توندرەوو میانرەو لە هەڵبژاردنەكانی مانگی دیسەمبەری 2005 بە بەراورد لەگەلّ 35 سالّەی بەعس و 80 سالّەی دەولّەتی عیراق كە تاكە لیست هەبوو یان تاكە مەلیك و تاكە بنەمالّە قەراردادو پرسكەرو پرسیاركەرو بریاردەر بوو، بەرنامەی یەك رەهەند و یەك ئایدۆلۆژی بە شێوەیەكی مەركەزی و تۆتالیتاری شەرعیەتی هەبوو، كە لە دەرەوەی تێزی حیزبی سەرۆك تێزێكی تر نەبوو مونافەسەی كورسی سەرۆكایەتی بكات و بەم شێوەیە هەڵبژاردن جگە لە مەهزەلەیەك هیچی تر نەبوو،

بلآوكردنەوەی ئەم فەرهەنگە ببوە رێورەسمێكی تەقلیدی بۆ مانەوەی تارماییەكانی دیكتاتۆر، بەلآم ئێستا كۆمەڵە دەركەوتێك هەن كە دەشێت پێیان بووترێت دەركەوتی دیموكراسی كە یەك لەو دەركەوتانە میكانیزمەكانی هەڵبژاردنە كە ماوەیەكە لە عیراقدا وەكو پرەنسیپێك كاری لەسەر دەكرێت و ئەگوزەریّ بۆ بنیادنانی دەولّەتێكی یاسایی و دیموكراسی بە ئاراستەی هەلّتەكاندنی كولتوری پێشوو لە دەولّەتی زەبروزەنگ،

ئەگەرچی هەڵبژاردنەكانیش بێگەرد و بیّ ساختە نین بەلآم توانراوە سەرەتایەكی تازە دروست بیّ بۆ بەخشینەوەی رۆشنایی بە هەموو ئەو روبەرە تاریكانەی كە بەعس لە رۆشنایی خستبوو، ئەم دۆخەش لە راستیدا بۆخۆی گۆرانە لە هەندیّ لە پێكهاتی سیاسی و كۆمەلآیەتی عیراقیدا و ماناگەلێكی هەیە كە سادەترینیان ئەوەیە مێژوویەكی تازە دروست بووە لە پاش 9 ی نیسانی 2003 كە جیاوازە لە مێژووی پێشوو ئەم مێژووە تازەیە هەلّگری كۆمەڵێك بەهاو نۆرمی تایبەتە بەرەو خالّی جەوهەری لە ریفۆرم و گۆرانكاری كەگرنگترینیان دەستكاریكردنی ستایلی حوكمكردنە لە كەمینەیەكی مەزهەبی نەتەوەییەوە بۆ زۆرینەیەكی دیموكراسی، ئەم هەڵبژاردنانەی عیراق وەك ( دەركەوت ) یّكی دیموكراسی زۆرێك لەو دەستانە كەشف ئەكات كە خوازیارن عیراق بكەنە كۆمەڵگای برین و پرگێرمەو كێشەو تیرۆرو بیگەرێننەوە بۆ مێژووی پێش 9ی نیسان.

**دەركەوتی دووەم:**

بەو پێیەی ئەمجارەیان جیا لە هەڵبژاردنی 30كانونی دووەمی 2005 كە سوننەكان بایكۆتی هەڵبژاردنیان كرد و بەم هەلّوێستەش كووشتن و تەقینەوەو یاخیبونەكان لە عیراق زیادی كرد، سوننە بە دارێژەری یاخیبوونەكان و ئانارشیزم دائەنرێت كە حوكمیان لیّ سەندرایەوەو بەتەواوی پەراوێزخران، كاتیّ سوننەكان بە بڕوایەكی ئاینی و ئەركێكی قیامەتی و شەرعیەوە بەشداری دەكەن لە هەڵبژاردنەكانی 15 دیسەمبەری 2005 بۆخۆی ئاماژەیەكی تازەو پۆزەتیڤە بە ئاراستەیەكی جیاوازتر لە رابردوو، كە دەشێت ئەم هەنگاوەی سوننەكان زادەی ئیشكردنی شاقولّیانەی ستراتیجی ئەمریكیەكان بێت كە ئێستا خوازیاری هاوسەنگگردنەوەی دەسەلآتن، ئەم ستراتیجە باوەری وایە كە ناكرێت بۆ تا ئەبەد سوننە لە پەراوێزی حوكم و دارشتنەوەی هەیكەلی عیراقی تازە دابیّ و شیعەكانیش تا بیّ چرۆ بكەن، لەو بروایەوە ئەمە ترسناكترین هەرەشەیە كە سبەینیّ كاریگەری نەگەتیڤی دەبێت بۆ سەر ئەو دەركەوتانەی دیموكراسی و دروستكردنەوەی عیراق و تەنانەت بەرژەوەندیەكانی ئەمریكاش، رەنگە ئەو هەرەشانەی سوننەش بەو بچوكیە گەر بەردەوام بێت سەر ئێشەیەكی گەورەبیّ و پێگەی شیعەش بەهێزتركات بەرەو یاخیبوونی زۆرینە لە حوكمرانیدا، كە ئەمە لە دیدی ئەمریكیەكانەوە فاكتێكی نەخوازراوە یان واقیعێكی نالۆژیكیە كە سەر ئەكێشیّ بەرەو ئینفرادیەتی حوكم لە كاتێكدا خودی ئەمریكیەكان هاتوون تا خەونی ئینفرادیەت – ئیندڤیجوالّیزم لە عیراقدا نەهێلّن، سوننە بێت یان شیعە یان كورد!!

لەلایەكی تریشەوە نەبوونی سوننە گرفتە بۆ ئەو پلورالیزم و رەنگاورەنگیەی كە دەركەوتەكانی دیموكراسی دەیخوازێت لە عیراقدا،ئەمریكا نایەوێت كە لە عیراق پاشەكشەی كرد یەك هێز یان گروپێك لە عیراقدا بهێلّێتەوە بە عاجزی، ئەگەرچی من باوەرم وایە هەم ئەمریكا عیراق جیّ

ناهێڵێت و هەم ئەم هێزانە لەوە بێتواناترن کە بتوانن کۆمەک بن بۆ کۆمەڵگایەکی دیموکراسی راستەقینەو دەوڵەتێکی دیموکراسی،چونکە باوەرو عەقیدەیان بە شەرعیەتی دیموکراسی نییە وەکو کولتور، باوەرەکانیان بارگاویە بە هێزی خوراق و دینی و مەرجەعە نەگۆرەکان، ئەمریکا کەلەم هەوڵەدا بۆتە پاڵنەرو مۆتیڤی بزواندنی هێزی سوننە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ چەند ئامانجێکی هەیە دیارترینیان

1- لاوازکردنی ئەو هەژموونە مەزهەبسالاریەی شیعەکانە کە ماوەیەکە لە سەر دەستی هێزە باڵادەستەکانیان سنور بەزاندنێکی تەواویان کردوە هەر بۆیە ئەمریکیەکان نایانەوێت ئەمە بۆ شیعە بچێتە سەرو بۆ ئەم مەبەستەش تاکە فشار کە وەک کارتێکی سیاسی بیخەنە گۆرەپانەکەوە پرسی بەشدارپێکردنی چالاکانەی سوننەی عیراقە بە سونەی کوردیشەوە.

2- ئاشتکردنەوەی سوننەی عاجزبوی دوای 9ی نیسان بۆ ناو پرۆسەکانی دەنگدان و بەشداریکردنی دیموکراسیانە کە ئەم پەراوێزبوونە سەرکەوتنەکانی ئەمریکای لە عیراقدا کەمکردەوە، بۆ کەمکردنەوەی ئەو قەهرو توورەبوونەی هەندێ لە سوننەکانە دژ بە ئەمریکیەکان کە بە تیرۆرو کوشتنی ئەمریکی و سەربرینی بێگانەکان گوزارشتیان لێ ئەکردو ئەمریکاشیان بە هیلاکدا بردبوو

3- ئەمریکیەکان ئێستا خاوەنی پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەراستی گەورەن و ئیشکردن لەسەر ئەم پرۆژەیەشدا ئیشکردنە لە ناو بەشێکی فراوانی جەستەیەکی جیۆ سیاسیدا کە پێی ئەوترێت نیشتیمانی عەرەبی و کەنداو کە زۆرینەیان سوننە مەزهەبن و هاوسۆزن بە سوننە کەمینەکەی عیراق و هەر عاجزبوونێکی سوننەی عیراق بە شێوە ستراتیجییەکەی ئەوا عاجز بوونی سوننەی رۆژهەلات و عەرەبی کەنداوو نیشتیمانەکەیانە، ئەمریکاش لە راستیدا ناخوازێت ئەو دووربینیە سیاسیەی خۆی بدۆرێنێت کە دنیایەک بەرژەوەندی نەوتی و پترۆڵی هەیە لە ناوچەکەدا بۆیە لە بەر چاوی کاڵی ئەو بەرژەوەندیانەش بێت سوننە ناکاتە قوربانی و کۆنگرەی ئاشتبونەوەی قاهیرەش بە دەستپێشخەری کۆمکاری عەرەبی و عەمروموسا باشترین بەڵگەیە.

دەرکەوتی سێهەم:

ئەم دەرکەوتەیان دەشێت دەرکەوتێک بێت راستەوخۆ ئەمریکیەکان وازی تێدا بکەن، بیانەوێت ئیتر بەتەواوی کۆنترۆڵی سەرجەم گروپ و کیانەکانی عیراق  بکەن و نەهێڵن خەونی دیکتاتۆریانە دروست بێتەوە، دەنگی شیعەکان درزی تێکەوت بەخۆ جیاکردنەوەی ئەحمەد چەلەبی لە لیستی (الائتلاف العراق الموحد) کە 16 لایەنی شیعەن و ئێستا جگە لەوەی کە سیستانیش خۆی بێدەنگ کردوە، ئەحمەد چەلەبی لیستی کۆنگرەی نیشتیمانی عیراقی پێک هێناوە کە 9 لایەنی شیعین و رەنگە هەر ئەو گەمە ستراتیجیەی ئەمریکیەکان بێت وەک چۆن پریشکی ئەو گەمەیەش گەشتە کوردستان بۆ پەرتکردنی دەنگەکانی کورد بە خۆجیاکردنەوەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە لیستی هاوپەیمانی ئەگەرچی ئەمە بۆخۆی واقعێکی تازەی هێنایە گۆرێ و کۆی ململانێکانیشی تۆخ کردەوەو یەکگرتووی جارێکی تر هێنایەوە بەر نەشتەری پرسیارو رەخنەو مەحکومیانکرد بە نەبوونی هیچ یاداوەریەکی دوێنێ و تەنانەت بەرپرسیاریشیانکرد لە ئاست ئەو پارەو موڵکانەی کە وەزیرەکەی هەولێریان کۆی کردۆتەوەو وەک گەندەڵی ئێستا حسابی بۆ ئەکرێت لە نێو گەندەڵیەکانی تری حکومەتدا، خەتەری ئەم دەرکەوتە لە وەدایە کە یەکگرتوو وا ئەزانێت دیموکراسیەت و ئازادی تەواوپێشتر هەبووەو بە بوونی هاوپەیمانی کوردستانی و بوونی یەکگرتووش لە ناویدا بەو یەکرەنگیە مەنگەوە لەو هاوپەیمانیەدا ئەوا ئەو فەزای دیموکراسیەتە نەماوە و کێبرکێ و ئازادیەکانیش مردوون و ئێستا یەکگرتوو زیندویان ئەکاتەوەو شادەماری تازەیان بۆ ئەباتەوە، کە ئەمە سادەترین بیرکردنەوەی سیاسی و حیزبییەو پریەتی لە هەژاری و لە بێ بەرگیی، پێش هەر شت ئەبێت ئەوە بزانرێت نە پێش و نە پاش هاوپەیمانێتی، دیموکراسیەت لە کوردستاندا ئەوەندەش رەگداکوتراوو خاوەن کولتور نەبووە تا یەکگرتوو بیەوێت بەدار عەسایەک و تەبلیغاتێکی ئایدۆلۆژی بیهێنێتەوە ناومان، بێحورمەتی و خروقاتەکان زۆرن بە ناوی دیموکراسیەتەوە.

بەڵام ئەم هەوڵ و دەرکەوتە ناکرێت وەک مافێکی تایبەت و سروشتیش سەیر نەکرێت بۆ خودی یەکگرتوو کە ئازادە تەنانەت لەگەڵ کێش هاوپەیمانێتی ئەکات ئەگەرچی بۆ کوردستانیش ئەم مۆدێلە تازەو ئیبداع نیەو لە هەڵبژاردنی پێشوشدا کۆمەڵ بە جیا بەشداری کردوو دیموکراسیەت و گەندەڵیش هەر وەک خۆی بوو زەرڕەیەک فەرقی نەکرد بەڵام ئەگەر من پرسیارێکم هەبێت لە رۆحی ئەو گوتارەی کە بە جیا دێتە ناو کێبرکێکانی هەڵبژاردنەوە وەک یەکگرتووی ئیسلامی گوایە بۆ تەفعیلی دیموکراسیەت و نەهێشتنی گەندەڵییە کە ئەگەر وەهابێت هەمووومان پێشوازی لێ ئەکەین ، بەڵام ئایا مامۆستا سەلاحەدین محمد بەهائەدین ئەمینداری گشتی یەکرتوو بەرێزەوە ناوی ئەهێنم ئەو هەموو ساڵە چی ئەکات لەسەر ئەو کورسیەو لە لوتکەی بریاردانی حیزبدا؟ بەراست دیموکراسیەت و شورا وایە؟ ئایا ئاڵوگۆری دەسەڵاتەکانی حیزبیش بە کورسیەکەی ئەمینداریشەوە وەکو مەفهومێك بنەرەتی دیموکراسیەت نییە؟ لە دیموکراسیەتدا جیاوازی چییە لە نێوان کورسی سەرۆک کۆمارو کورسیەکەی ئەمیندارا ؟ ئەی بۆ چی یەکگرتوو لەو خاڵەوە دەستی پێ نەکرد تا باوەروتەبلیغاتەکە باشتر کاریگەری هەبوایە؟ شتێک ئەگەر باش بێت بۆچی بۆ حیزب بەباشی نازانن و نایکەنە نەریت؟ یان تا ئێستا لە گەندەڵی و لە پەروەندەی ماڵیی کام ئەندامی مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی کۆڵرایەوەو خرایە ژێر پرسیار و دەرکردن؟؟ بە کەسێکیان ووت بەسە ئەوەی کەماوە بۆ بەیتول مال ؟ یان بۆ مونتەزەم و ئەندام کەرت و عامل و موجاهیدەکانی خوارەوە کە بەنانەسکی ژیان ئەگوزەرێنن؟ دەکرێت ئەمانەش پرسیاری خاکیانەی من بێ بۆ هەمان ئەو دیموکراسیەت و کرانەوەو نەهێشتنی گەندەڵیانەی کە یەکگرتوو بانگەشەی بۆ ئەکات.

دەرکەوتی چوارەم:

ئینجا لەسەر ئەو پرسەی کە ئایا رێژەی بەشداری گەنج چۆن دەبێت و تۆ بڵێیت ئەمجارەشیان وەک پرۆسەی راپرسیەکە گەنجان بەشداری ئەکتیڤیان نەبێت، بێگومان کاتێ گەنج ناچێ بۆ دەنگدان لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا مانای کاڵبونەوەی ئینتمایەکە کە ئەم نەوە تازەیە

نایەوێت هەڵگری بێت، دەبێت ئەوەش بزانین نابێت ئێمە مۆری خیانەت یان نیشتمانپەروەری بدەین لە تەوێڵی کەسی دەنگدەر یان دەنگ نەدەر چونکە بۆخۆی ئەمرۆ لە جیهاندا پرۆسەکانی دەنگدان بازاریان کزەو لە وولاتێکی وەکو ئەمریکادا رێژەی دەنگدان یان ئینتمای شەعبی ئەمریکی بۆ دەنگدان نزیك نابێتەوە لە ٪50 ، بەڵام بۆ کورد دۆخەکە جیاوازترەو مافەکان وەکو پێویست نەچەسپیون.

لێرەوە چوون بۆ دەنگدان دەشێت بۆ گێرانەوەی حورمەت بێت بۆ تاکی کوردی کە بەعس بەهەموو هەوڵی لەکۆششدا بوو بۆ بێحورمەتکردنی تاکی کوردی و یادەوەری کوردیی، هەرچەند دەنگدانیش وەك هەر یەك لە ماف و ئەرکە گشتیەکان تاك ئازادە لە بریارداندا و دەشێت نەخێرو بەڵێ هەردوکیان مەعریفەیەکیان لە پشت بێت بۆ گۆرانکاری و ناشبێت ئەوەندە ئێمە لە زەنگی نەخێرەکان بترسین و بگرە ئێمە دەبێت لە کوردستان و عیراقیشدا کولتوری نەخێر گەورە بکەین کە ئەم چەمکە بەتەواوی غائیبە لە دنیای ئێمەدا و ئەوەی کە نەخێرێك پێمان ئەڵێ سەد بەڵێ شوێنی ناگرێتەوە، بەڵام ئەوەی کوردستان راستەوخۆ پەیوەستە بە چەند رەهەندێکی سەرەکیەوە کە دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کورد خۆی لێ غافڵ نەکات،

یەکەمیان ئەوەیە کە نەوەیەك دروست بووە ئەساسەن باوەری بە عیراق نییە، عیراق بەمانا عەرەبیە یان ئیسلامیەکەی کە دەنگی جیاواز تیایدا بوونێکی ئەنتۆلۆجی نییە، ئەم نەوەیە راستە یاخیەو بێ پرسیارو بێ پرۆژەو بێ خەونە، گومان و قەلەقی نییە بۆ دیاردەو دەرکەوتەکان و چەمکەباوەکان ناناسێ، بەڵام شانازیش بەوەوە ئەکات کە خاوەنی دەنگی خۆیەتی و سازشی لەسەر ناکات، بەڵام گەنج  باوەری بەوە نەماوە کە دەنگی ئەم بتوانێت ئەو ناسیۆنالیزمە توندرەوە رەگداکوتراوە بجوڵێنێ، یان ئەو دیوارە سەخیفە تێك بشکێنێ کە نایانەوێت کورد هەبێ و خواستەکانیان وەدی بهێنن،  لە کاتێکدا دەنگدان بۆ بەدیهێنانی خواستە لە کۆمەڵگا مەدەنیەکاندا، بەڵام لای ئێمە بۆتە کوشتنی خواستەکان و هەموو خواستەکان هەڵگیراون بۆ ئایندەو ئیتر نازانین ئەو ئایندەیە کامەیەو لە کوێیە؟ یان بۆ ئێمە ئەوەندە ئەترسین و پرۆژەکانمان هەمیشە تەئجیل ئەکەین و ئەسپێرین بە ئایندەیەکی نادیارو زامن نەکراو؟!

تێگەشتنێك دروست بووە لای گەنجی پەرتەوازەی کوردی کە هەڵبژاردنیش دەکرێ و دەروات کەچی هیچ گۆرانێك لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و روفاهی گەنجدا دروست نابێ؟ هەر بێ تواناو بێ ئیمکانیات و بێ کارو بێ ژیان و بێ ماڵ و سەکەنە؟ ماف و داخوازی و خەون و ئازادیە سیاسی و مۆراڵیەکان قەت نایەنە دی بۆ گەنج، لە پەنا گەنجی ئێمەدا چینێکی دەوڵەمەندو بۆرژوای لوتبەرزو راسیزم و مەغروور دروست دەبێ و هەڵئەتۆقێ کە لە مەقالێکدا ووتم ماڵی لە کاشیەو بیرکردنەوەشی لە فاشی !! و دواجار ئەم یەکسان ئەکات بە سفر و بەم شێوە چینی ناوەراست نامێنێ و ئەوەی هەیە دوو چینە یەکەمیان فاشییەکی تازە پێکەوتووی سودمەند و خاوەن ئیمتیازو راقی و تێر، لەگەڵ هەژارێکی بێ خانووی کرێنشین و بێ کارەباو بێ دەرامەت و بێ تفاق و ئاست نزمی بێ ماف !!  ئەمەیە کێشەکە کە دەسەڵات نایەوێت بیبینێ و ووتەزای ئاسایی نین بۆ ئێمەی گەنجی کوردی ئەوەندەی هەڵگریی تراژیدیایەکە لە خەم و بێ ئومێدی لە ساردو سریی بۆ بەردەم سندوقی هەڵبژاردن و بۆ ئاینده، ئێمە دەبێ بپرسین کام حوکم و دەوڵەتەمان پێ باشە؟ حوکمێکی وەك عەللاوی یان جەعفەری یان ئەنجومەنی حوکم؟ ئەگەر حوکمی سەدام بە فۆرمێکی تر دوبارە بووەوە من بۆ دەنگ بدەم و بەدەستی خۆم خۆم بخەمەوە نا و زیندانی گەورەی عیراق، گەنجی کورد دەیەوێت بگەرێت بۆ سندوقێك کە دەنگی خۆی بخاتە ناویەوە ژیانی بۆ بکرێتەوەو لەو بێ ئومێدیە رزگاری بکات، هەرێمێکی سەربەخۆی بۆ دروست بکات، وەك چۆن گەنجەکانی تەیموری رۆژهەڵات لە ئەندەنوسیا کردیان و سەربەخۆییان لە ناو دەیان هەرێم و دورگەدا چنگ کەوت، ئاخر دەنگی سلێمانی و هەڵەبجەییەك چ پێویست ئەکات بچێ بۆ کوت و عەممارە؟ نوسینی دەستورێك تایبەت بە کورد کە فیدراڵیەتی هەرێمی کوردی تۆختربکاتەوە جیا لە شوناسی ناوچەکانی تری عیراق، بەمانای جیابونەوە نیە لە هەیکەلی جوگرافی ئێستای عیراق ئەوەندەی دارشتنی میکانیزمی یاسایەکە بۆ خۆ بەرێوەبردن و پاراستنی ئاسایشی هەرێمەکەمان و فۆرمەڵەکردنی ئەزموون و مافەکانمان لە چوارچێوەیەکی قانونیدا.

بۆیە گەنج نایەوێت بە دەنگی خۆی ساتەوەختێکی تر دروست بکات بۆ ترس، یان ئەو ئەو ترسانە ببەستێتەوە بە هەڵبژاردنەوە کە رەنگە دنیایەك تەلاعوب و فێڵی تێدابێت، دەکرێت هەر لێرەشدا بپرسین گرانت چییە بۆ ئەو دەستورەی نوسیمان؟ کە ئەم حکومەتە تازەیەی پاش 15 ی دێسەمبەر جێبەجێی بکات و پشتگوێی نەخات ؟ یان ئەبێتە چەتری پاراستنی مافەکانی کورد؟ نابێ بیر بچێ کە بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی عیراقی چەندینجار بەڵێنی پاراستنی مافی کوردی تێدا دراوەو کەچی ئەو بەناو مافە گۆراوە بە (تمیز العنصری) وبە ئاگروباروت وەڵامی دراوەتەوە، نمونەی پەیماننامەی سیڤەروبەندە دەستوریەکانی ناوی کە وەك دەستورێکی شەرعی نێودەوڵەتیش وەهابوو تایبەت بە مافی کورد، بەڵام بۆ جێبەجێ نەکرا؟ دواتر تاڵاوی لۆزان و پاشان بەڵێنەکانی سەردەمی پاشایەتی تا سەردەمی قاسم و عارفەکان و کۆدێتای بەعسیەکان و تا بە نوسینی یاسای بەرێوەبردنی کاتی دەوڵەتی عیراق کە لە سەردەمی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیماناندا نوسراو تائێستاش بەندە نوسراوەکانی ناوی جێبەجێ نەبوە وەکو مادەی 58 ی تایبەت بە ئاساییکردنەوەی رەوشی کەرکوك ئایا ئەمە کۆمەکمان ناکات تا بەهۆشیارییەوە لەو ئایندەیەمان بروانین و چیتر نەکەوینە هەڵەی مێژوویی زەقەوە ؟

دووەم  بەراستی ئەگەر پەنجەی لە سەر دابنێین ئەو گەندەڵیەیە کە لە سەر ئاستی هەموو عیراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەت هەیە، ئومێدیش بۆ بنەبرکردنی لاوازەو خزمەتگوزاریەکان کەمن وە گەنج لێرەدا نایەوێت بچێتە ناو پرۆسەیەکەوە کە توانای ریفۆرم و گۆرانکاری نەبێت بۆیە راستەوخۆ کار لە سەر حەجمی گەنجان ئەکات بۆ پرۆسەکانی دەنگدان.

لە کاتێکدا زۆر مەترسیدارە ئەمجارەیان خەمساردیەکانی گەنج چونکە زیاتر لە 50مادەی دەستووری ماون کە نەچەسپیون و جێیان هێشتبێ بۆ حکومەتی چەسپاوو بەبێ ئەو مادانەش دەستوورەکەمان هەر دەڵەمەیەو نەمەیوەو ناکرێت خەم سارد بین و خروقاتیش ئەبینین لە

دەستووردا بەتایبەتی لەسەر ئەو 600000 شەس سەد هەزار پاسپۆرتەی کە چاپکراوەو تاکە ووشەیەکی کوردی تێدانیەو پێچەوانەی بوونی دووزمانی رەسمیە لە دەستوورەکەدا بۆ پول و پارەو ئەوراقە رەسمیەکانی تری دەوڵەتی ئایندەدا.

دەرکەوتی پێنجەم:

سەرەتا تازەکەی عیراق لێرەوە دروست دەبێت کە فەترەی ئینتیقالی نامێنێ و دەوڵەتی چەسپاوی جێگیر دروست دەبێت و دەبێت کورد خیاراتی خۆی تەئجیل نەکات و زۆر پێداگرییان لە سەر بکات، جا بەو حوکمەی کە تازە دەسەڵاتی کوردیش رازییە بەوەی لە چوارچێوەی عیراقدا بژی و تەوقیعی دەستوری هەمیشەیی کرد دەبێت ئیتر هەوڵ بۆ ئەوە بدات کە پێگەی خۆی بەهێزتر بکات لە بەغدادو نەهێڵێ ئەو 77 کورسیە پەرلەمانیەی کە هەیبوو کەم بێتەوە یان پەرتەوازە بێت و گرفت بۆ ئەو گوتارە سیاسیەمان دروست بێت، هەرچەندە هەڵبژاردنی ئەمجارە رێژەیی نییەو نیمچە بازنەییەو کورسیەکانی پەرلەمان ناوچەو ستانەکان دیاری ئەکەن، دەبێت کورد لە ئاستی ئەو بەرپرسیاریەدابێت بە دانانی کادیری بەهێزو بەتواناو قسەکەرو جەسارو پێم وایە گەر بەو شێوەیە بەشداری نەکەین و عەقڵیەتی پۆست و پۆستکاری و حیزبی و ئایدۆلۆژی نەخەینە لاوە ئەوا کاریگەری باشی نابێت بۆ دیاریکردن و چەسپاندنی مافەکانی خەڵکی کوردستان و بگرە کارەساتیش ئەخاتەوە و ناتوانین لەبەغداد هیچ فشارێك دروست بکەین، دیارە ئەو فشارانەش تەنها بەو دەنگانە ئەبێت کە تاکی کوردی ئەیبەخشێت و سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیش تەنها لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا بیری کۆکردنەوەی دەنگەکانی دەکەوێتەوەو لەو پێگە بەهێزەی بەغدا دەروانێت کە چەند گرانە ئەمجارە بە لاوازی بچینە هاوکێشە پەرلەمانیەکەی عیراقەوە.